# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی 23: جیاوازیکردن لە نێوان فێرخوازان و منداڵی مامۆستایان

ئابی 2019

1/9/2019

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 3 |
| کارنامەی یەکە | 4 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 5 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 7 |
| خێزانەکان: منالی مامۆستا دەخرێتە پێش منالانی دیکە | 7 |
| جیاکاریی کردن کاریگەری لەسەر فێرخوازان دروست دەکات | 8 |
| خێزانەکان: سکالاکان دەرئەنجامی نیە | 9 |
| مامۆستایان: خستنە پێشی منالی مامۆستا بوە بە دیاردە | 10 |
| "پەروەردە هەلوێستی جدی نەبوە لە جیاوازی کردن لە نێوان فێرخوازان" | 12 |
| منالی مامۆستایان نابێت لە ناوەندەکەی خۆی بێت | 12 |
| جیاکاری کردن لە نێوان منالی مامۆستا و فێرخوازانی دیکە لە ئامادەییەکان کەمترە | 13 |
| "مامۆستایان رێککەوتون لە نێوان خۆیان بۆ ئەوەی منالی یەکتر بکەن بە یەکەم" | 14 |
| بەڕێوبەران: لێپێچینەوە دەکەین لەگەل مامۆستایان ئەگەر جیاکاری بکەن | 15 |
| توێژەران: منالی مامۆستا بون بە کێشە لە ناوەندەکان | 16 |
| بەشی یاسای پەروەردەکان: بەدواداچون دەکەین بۆ سکالاکان | 17 |
| بەرپرسانی پەروەردە: جیاکاری کراوە | 17 |
| بەشی سێیەم: راسپاردەکان | 20 |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، تائێستا یەکەکە (46) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها داموەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

# 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دووەم: راپۆرت

## 1. دەستپێک

بەپێی سەرجەم رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە نابێت هیچ جیاکاریەک لە نێوان فێرخوازاندا بکرێت چ لە روی بەشداری پێکردن یاخود گرنگی پێدان یان پێدانی نمرە، بەڵام ئێستا لە بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن جیاکاریی دەکرێت لە نێوان فێرخوازاندا بە تایبەتی لە پێدانی نمرە.

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە بەشێکی ناوەندەکان بەدواداچونی کردوە بۆ ئەو جیاکارییانەی لە نێوان فێرخوازاندا دەکرێت بە تایبەتی منداڵی مامۆستایان و منداڵانی دیکە، لەم راپۆرتەدا بە وردی ئەو جیاکارییانە باس دەکەین.

## 2. خێزانەکان: منداڵی مامۆستا دەخرێتە پێش منداڵانی دیکە

بەشێکی خێزانەکان باس لەوەدەکەن کە جیاکاری لە نێوان منداڵی مامۆستایان و منداڵانی دیکەدا دەکرێت چ لە روی ئاستەکانەوە بێت یان لە روی گرنگی پێدانەوەبێت.

ساڵح کەریم، باوکی فێرخوازێکە لە یەکێک لە ناوەندەکانی قەزای کەلار، دەڵێت: "کچەکەم پۆلی دووەمی بنەڕەتی بو ئەو هەر لە پۆلی یەکەوە جیاوازبو لە هاوپۆلەکانی بەوەی کە خۆی خوێندەواری هەبو، کە چوە قوتابخانە ئەمەش لای مامۆستاکانی جیاوازبو چەند جارێک خۆم و دایکیشی کەسەردانی قوتابخانەکەیمان کردبو مامۆستاکانی شاهیدی زیرەکی ئەوبون".

دەشڵێت: لە پۆلی یەک ئەگەرچی دڵی زۆر شکا، چونکە نەکرا بەیەکەمی پۆل و وتی ئیتر ناڕۆمەوە ئەو قوتابخانەیە، دواتر پێمان وت دڵنیابێت ساڵی داهاتو غەدری لێناکرێت سەردانی بەڕێوبەری قوتابخانەکەشیانم کرد پێشم وت با ئەمە دوبارە نەبێتەوە، چونکە منداڵە و ئێمە چاوەڕێی پەروەدە ئەکەین لە ئێوە نەک هەرپەروەدەشتان نەکردوە، بەڵکو جیاوازی و رقتان لای دروست کردوە.

ساڵح کەریم وتیشی: ساڵی رابردو بەهەمان شێوەی ساڵی پێشو دوبارە مامۆستاکان کچی مامۆستا و خزمانی مامۆستاکانی خۆیان کردەوە بەیەکەم.

بە هەمان شێوە، بوشرا کەریم، دایکی فێرخوازێکە لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "کچەکەم دوساڵە لەو ناوەندەدایە کە تێیدا دەخوێنێت لە هەمو وانەکانی نایاب بو تەنها وانەی بیرکاری نەبێت (75)یان پێدابو لە کاتێکدا بەراوردم کرد بە هاوپۆلەکانی کە ئەوان ئاستیان نزمتربو کەچی هەمویان هەقی خۆیانیان پێدرابو کە رۆشتمە ناوەندەکەی وتیان مامۆستاکەی گۆڕاوە، ئەمەش دەرخەری ئەوە بو کە هەوڵ ئەدرا منالّی مامۆستا بخرێتە پێش".

خێزانەکان باس لەوە دەکەن ئەو منالانەی کە دایک و باوکی خۆیان وانەیان پێدەدەنەوە دەست بلاوی دەکەن لە نمرە، بۆ ئەوەی منالەکەی خۆیان ببێت بە یەکەم ئەگەرچی ئاستیشی کەم بێت.

ئاسیا خەلیل عەبدولقادر، دایکی فێرخوازێکی دیکەیە ئاماژەی بەوەکرد: "کچەکەم ئێستا لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتیە ئەوەی کە بەرامبەری کرا لە قۆناغی حەوتی بنەڕەتی بو، منالّی مامۆستایەک لە پۆلیان بو لە زیرەکەکان بون بۆ وەرزی یەکەم، مامۆستاکەیان دەست بلاوی کردبو لە نمرە و منالەکەی خۆی کردبو بە یەکەم، دواتر بۆ وەرزی دوەم لە ئاستی رۆژانە و تاقیکردنەوەکانیش هەستیان بە جیاوازی کردبو لە نێوانیان، ئەگەرچی کچەکەم نمرەی تەواوی هەبو کەچی جیاوازی نمرەیان هەر کەم بو، بۆیە نەک لە سالانی رابردو، بەلکو تاوەکو ئێستاش ئەوە هەر بونی هەیە کە منالّی مامۆستا ئەخرێتە پێش".

"لەسەردەمی خوێندنی خۆمەوە هەتاوەکو ئێستا کە منالەکەم قۆناغی دوی بنەڕەتیە ناهەقیم بینیوە، چ لە روی ئاست و نمرەوە چ لە روی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ منالّی مامۆستا، تەنانەت توندوتیژی بەرامبەر منالانی تر دەکەن، چاوپۆشی لە منالّی مامۆستا دەکەن". ئەمە وتەی حەنین عەواد، دایکی فێرخوازێکە.

بەشێک لە خێزانەکان باس لەوە دەکەن بۆ ئەوەی منالّی مامۆستا پێش بکەوێت نمرەی وانەکانی وەرزش و هونەر کەم دا ئەنێن.

ژیان کەریم، دەڵێت: "خوشکەزاکەم لەبەر بابەتی هونەرو وەرزش نەکرا بەیەکەم، بەس لەبەر ئەوەی کە منالّی مامۆستا بکرێتە یەکەم".

### 3. جیاکاریی کردن کاریگەری لەسەر فێرخوازان دروست دەکات

خێزانەکان باس لەوە دەکەن کە خستنە پێشی منالّی مامۆستا و جیاوازی کردنیان لەگەڵ منالّی تر لە ناوەندەکان، کاریگەری هەبوە وایکردوە لە خوێندن سارد ببنەوە و رق دروست بکات بەرامبەر هاوپۆلەکانی خۆیان.

سالّح کەریم، باوکی فێرخواز لە یەکێک لە ناوەندەکانی قەزای کەلار وتی: "خواردنی مافی منالێک کە هەقی خۆیەتی وایکرد کچەکەم تەواو بێتاقەت بێت و هیچ تاقەتی خوێندن و دەوام کردنی نەما، تەنانەت دەیوت مامۆستاکان جیاوازی ئەکەن لە وتنی دەستخۆشی و چەپڵە لێدان بۆ منالّی مامۆستاکان، ئەم منالێک بو تەواو هەستی بەجیاوازیەکان ئەکرد تا وایلێهات وتی ئیتر من ناخوێنم خۆ هەر ناکرێم بە یەکەمی پۆل".

دایکی فێرخوازێک دەڵێت کچەکەم رقی دروست کردوە بەرامبەر بە منالّی مامۆستا لەبەر ئەوەی کە خرابوە پێشی و ئاستیشی وەک ئەم نەبوە.

ئاسیا خەلیل عەبدولقادر، دایکی یەکێک لە فێرخوازان ئاماژەی بەوەکرد: "ئەم جیاکاری و خستنە پێشی منالّی مامۆستا کاریگەری دەبێت لەسەر دەرونی ئەو فێرخوازانەی کە زیرەکن و ناخرێنە پێش، ئەمە لە کچەکەی خۆم هەبو کە بە زۆر ئەیخوێند و ساردبوەوە، تەنانەت رقی لەو منالّی مامۆستایش دەبوە کە نمرەیە کەمی بهێنایە دەیوت پێمخۆشە، چونکە ناهەقی کردوە".

## 4. خێزانەکان: سکاڵاکان دەرئەنجامی نیە

هەندێک لە خێزانەکان سکاڵایان تۆمار کردوە لەسەر ئەو جیاکاریەی لە ناوەندەکان دەکرێت، ئەگەرچی وەک خۆیان دەڵێن دەرئەنجامی نەبوە، هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە بروایان بەوە نیە سکاڵابکەن، چونکە پێیانوایە کەس گوێیان لێناگرێت.

سالّح کەریم، باوکی فێرخوازێکە، وتی: ناچار بوم ئەم بابەتە بە بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بگەیەنم و سکاڵامان تۆمارکرد، ئەگەرچی تا ئێستا رون نیە دەرئەنجامی سکاڵاکەمان بەکوێ گەیشتوە، دواتر لیژنەیەکیان دروست کرد رۆژێک یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە پەیوەندی پێوەکردم وتی بەڵێ ئێمە سەردانی قوتابخانەکەمان کردوە هەڵسەنگاندمان بۆ ئەو چەند قوتابیە کردوە دڵنیایی دەدەم کە کچەکەی تۆ جیاواز و زیرەکترە لە هاوپۆلەکانی.

وتیشی: لەگەڵ لیژنەکە قسەمانکردەوە، بەڵام لیژنەکە سێ کەس بون ئەوندە پرسیاریان لە شیوازی سکاڵاکەی ئێمەکرد و رەخنەیان لە ئێمە گرت بروام نیە لێکۆڵینەوەیان لە دۆسیەکە کردبێت، وەک ئەوەبو محامی ئەو مامۆستاو قوتابخانەیە بن.

بەپێچەوانەوە، بوشرا کەریم، دایکی فێرخوازێک لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "سکاڵام کرد هەر لە ناو ناوەندەکە و لیژنەیان دروست کردو بەڕێوبەرەکەش پێی وتم لێت ناشارمەوە کێشەی ویژدانمان هەیە، تەنانەت وتیان با نەگاتە پەروەردە و چارەسەریان کرد و هەمو مامۆستاکانیان بانگهێشت کرد پێیان وترا کە جیاکاری نەکەن لە بەینی مناڵەکانی خۆیان و مناڵی دیکە".

بەشێکی خێزانەکان باس لەوەدەکەن کە سکاڵا تۆمار ناکەن لەبەر ئەوەی ئەنجامی نیە.

ئاسیا خەلیل عەبدولقادر، دایکی فێرخوازێکە ئاماژەی بەوەکرد: "نە لە قوتابخانە و نە لە پەروەردە سکاڵامان نەکردوە، چونکە ئەنجامەکەی هیچە، ئەو دیاردە زۆرە لە قوتابخانەکان کەس عەزێتی خۆی نادات لەسەر شتێک بڕوات کە کەس گوێی بۆ نەگرێت".

دایکی فێرخوازێک ئەوەدەخاتەڕو "ئەگەر واستەت نەبێت سکاڵاش بکەن ناگاتە ئەنجام".

حەنین عواد، وتی: چەندینجار رۆشتومەتە ئەو ناوەندەی مناڵەکەمی لێیە ئاگادارم کردونەتەوە و سکاڵای خۆمم گەیاندوە، کەچی نکۆڵی لێدەکەن کە شتی وا هەبێت و جیاکاری هەبێت و تەنانەت قسەی ناشرینیان بە مناڵەکەم دەوت، نە رۆشتومەتە پەروەردەش لەبەر ئەوەی واستەت نەبێت ناگەی بە ئەنجام".

## 5. مامۆستایان: خستنە پێشی مناڵی مامۆستا بوە بە دیاردە

یاریکردن بە نمرەی فێرخوازان و جیاکاری لە گرنگیپێدان و هەڵسوکەوتی رۆژانەی فێرخوازان وای لێهاتوە مامۆستایان خۆیان دان بەوەدا دەنێن و باس لەوە دەکەن کە بوە بە دیاردە.

سەریاس سەمین، مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، باسی لەوەکرد: "بێگومان مناڵی مامۆستا پلەی یەکەمی پێدەدرێت لە ناوەندەکان و حەقی قوتابیەکانی تریش دەبات، بەشێکی ئەو مامۆستایانەی مناڵەکانیان بۆ قوتابخانەکانی خۆیان دەگوازنەوە بە مەبەستی پێدانی پلەی یەکەمە، بۆ ئەمەش مامۆستاکانی دیکە ئیحراج دەکەن و داوایان لێدەکەن کە بەرزترین نمرە بە منالەکانیان بدەن".

وتیشی: بۆ ئەمەش بەڵگەی ئەوەمان هەیە کاتێک قۆناغی بنەڕەتی تەواو دەکەن، لە قۆناغی ئامادەیی نەک یەکەم و دوەم نابن، بەڵکو دەبنە سەرئێشە بۆ مامۆستاکانیش.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کە ئیحراج کراون نمرە بدەن بە مناڵی مامۆستا.

فاتیح حەسەن، مامۆستا لە قوتابخانەی (شەهید مەلا ئەحمەد) لە قەزای کەلار جەخت لەوەدەکاتەوە: "خستنە پێشی منداڵی مامۆستا لە ناوەندەکان 100% بوە بە دیاردە لە هەمو ناوەندەکان ئەکرێت، تەنانەت خۆم روبەڕوی ئەوە بومەتەوە کە مامۆستا ئیحراجی کردوم کە نمرەی منداڵەکەی زیاد بکەم و ناچار بوم کردومە".

وتیشی: زۆر جار ئیدارەی مەکتەب لەبەر خاتری منداڵی مامۆستاکەی تەکلیفی کردوە لە مامۆستای تر بۆ ئەوەی نمرەی زیاد بکەن بەتایبەت لە وانەکانی هونەر و وەرزش.

مامۆستایەک ئەوە دەخاتەڕو روبەروی ئەوە بونەتەوە کە منداڵی ئاسایی پرسیاری ئەوەی لێکردون کە جیاوازیان چیە لەگەڵ منداڵی مامۆستا، وەکخۆی دەڵێت هیچ وەڵامێکی پێنەبوە بۆ ئەو پرسیارە.

سەریاس ئیبراهیم، مامۆستا لە قوتابخانەی (مەرزیە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئەم حاڵەتانە لە ناوەندێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەگەرچی خۆم ئەوەم بینیوە نمرە دراوە بە منداڵی مامۆستا و پێشخراوە و مامۆستاش تەکلیفی کردوە بزانێت نمرەی منداڵەکەی چیە و چۆنە، مامۆستا ئێستا هەمو هەوڵێکی ئەوەیە بخرێتە ئەو ناوەندەی کە منداڵەکەی لەوێیە ئەگەر مەبەستێکی نەبێت بۆچی ئەوە دەکات؟".

وتیشی: جیاکارییەکە ئەوەیە منداڵی مامۆستا بە هەمو شوێنە تایبەتەکانی مامۆستایان ئەسوڕێتەوە، بەڵام ئەمە بۆ منداڵی ئاسایی قەدەغەیە، تەنانەت روبەروی ئەو پرسیارە بوینەتەوە لەلایەن فێرخوازان کە جیاوازییان چیە ئێمەش وەک هەمیشە ئەڵێین نازانین.

"حاڵەتەکە بەگشتی هەیە، بەڵام نەبوە بە دیاردە، ئەگەرچی لەو ناوەندەی ئێمە شتی وا هەر نیە کە منداڵی مامۆستا بخرێتە پێشی منداڵی دیکە لە هەمو رویەکەوە، من خێزانم مامۆستایە و کچەکەشم لەگەڵیەتی کەس هەر نازانێت کە منداڵی لەگەڵ خۆیەتی، بۆیە ئەمە لە مامۆستایەکەوە بۆ یەکێی دیکە ئەگۆڕێت و هەمو مامۆستایان وانین"، ئەمە وتەی رێبوار ئەحمەد، مامۆستا لە قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور.

هەندێک لە مامۆستایان دژی ئەوە دەوەستنەوە کە مامۆستایان داوایان لێ بکات یارمەتی منداڵەکانیان بدەن بۆ ئەوەی پێش منداڵی ئاسای بکەون.

دونیا حەسەن، مامۆستا لە قوتابخانەی (هەتاو)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: لە ناوەندەکان بونی هەیە و مامۆستا بۆ مامۆستا ئەگۆڕێت، بەڵێ جیاوازی هەیە، بەڵام رێگەم نەداوە هیچ مامۆستایەک داوای ئەوە بکات منداڵەکەی پێش بخەم و لە کەسیش قبوڵ ناکەم کە شتی وا داوا بکات".

## 6. "پەروەردە هەڵوێستی جدی نەبوە لە جیاوازی کردن لە نێوان فێرخوازان"

بەشێک لە مامۆستایان، پەروەردە بە هۆکار دەزانن بۆ زیادبونی ئەم حاڵەتانە بەوپێیەی هیچ هەنگاوێکی جدی نەناوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیەی کە لە ناوەندەکان هەیە، کە منالّی مامۆستایان بەچاوێکی جیاوازترەوە سەیر دەکرێت.

سەریاس سەمین، ئاماژە بەوەدەکات: تائیستا بەرپرسانی پەروەردە هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نەناوە، کە مافی منالآنی دیکە بە منالّی مامۆستا دەدرێت و تەنها بیدەنگیان هەڵبژاردووە.

پێدانی مافی منالّی دیکە بە منالّی مامۆستا لە ناوەندەکان بونی هەیە و مامۆستایەکیش دەڵێت پەروەردەش ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

فاتیح حەسەن، مامۆستا لە قوتابخانەی (شەهید مەلا ئەحمەد) لە قەزای کەلار، وتی: "بەرپرسانی پەروەردە ئاگادارن لەم دیاردەیە، بەلآم بۆیان کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە لە هەمو قوتابخانەکاندا بەتایبەت بنەڕەتی ئەمە دەکرێت".

بەهەمان شێوە، محەمەد فەرەج، مامۆستا لە ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە کەلار دەڵێت: "بەرپرسانی پەروەردە زۆرجار ئاگادار کراونەتەوە، بەلآم هیچ هەڵوێستێکی جدییان نەبوە".

هەندێک لە مامۆستایان بە پێچەوانەوە دەڵێن بەرپرسانی پەروەردە بێدەنگ نەبون لە بەرامبەر ئەو حاڵەتانەی هەیە لە ناوەندەکان، بەلآم پێویستی بە سەلماندن هەیە.

سەریاس ئیبراهیم، مامۆستا لە قوتابخانەی (مەرزیە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی ڕزگاری دەڵێت: "بەرپرسانی پەروەردە بێدەنگ نەبون بەرامبەر بەم حاڵەتانە، بەلآم بۆ ئەمەش ئەبێت بەڵگەی تەواو هەبێت و بسەلمێنرێت".

## 7. منالّی مامۆستایان نابێت لە ناوەندەکەی خۆی بێت

بەشێک لە مامۆستایان و بەڕێوبەران هاوڕان لەسەر ئەوەی پێویستە ئەو مامۆستایەی کە لەو ناوەندەی وانە ئەڵێتەوە منالّەکەی تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییەی کە بوە بە دیاردە نەمێنێت.

دونیا حەسەن، مامۆستا لە قوتابخانەی هەتاوی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "باشترین چارەسەر ئەوەیە کە منالّ و مامۆستاکە لە یەک ناوەند نەبن پێکەوە، بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییەی کە هەیە نەمێنێت".

لە ناوەندە ئامادەییەکان دەگمەنە مامۆستا و منالّەکەی پێکەوەبن لەو ناوەندەی کە تێیدا وانە ئەڵێنەوە.

شیلان رەحمان، بەڕێوبەری ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە قەزای کەلار، ئاماژەی بەوەکرد:"باشترە بڕیارێک هەبێت مناڵی مامۆستا لەو ناوەندە نەبێت کە دایکی یان باوکی تێدا وانە ئەڵێتەوە، ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە منالی مامۆستا بخرێتە پێش".

لە هەمان کاتدا، کاوە ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری وتی: "جگە لەوەی کە پێشتر بڕیار هەبو کە نابێت منالی مامۆستا لەو ناوەندە بێت کە خۆی وانەی تێدا ئەڵێتەوە، نەچوە بواری جێبەجێکردنەوە".

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن تاوەکو ئێستا هیچ نوسراوێکیان بەدەست نەگەشتوە کە رێگە نەدات منالی مامۆستا لەو ناوەندە بێت کە وانەی تێدا دەڵێنەوە.

هیدایەت محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (دەستور) لە ناحیەی رزگاری وتی: "هەتاوەکو ئێستا هیچ رێنماییەکی رەسمیمان بۆ نەهاتوە کە بڵێت نابێت مامۆستا وانەی منالەکەی خۆی بدات و لەو ناوەندە نەبێت کە منالەکەی تێدایە".

## 8. جیاکاری کردن لە نێوان منالی مامۆستا و فێرخوازانی دیکە لە ئامادەییەکان کەمترە

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان خستنە پێشی منالی مامۆستا لە ناوەندەکان و جیاکاری کردن لە نێوانیان لەگەڵ منالی دیکە لە روی مامەڵەکردنەوە، لە قۆناغی ئامادەییەکان کەمترە.

شیلان رەحمان، بەڕێوبەری ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە قەزای کەلار، ئاماژەی بەوە کرد: "جیاکاری کردن لە بەینی منالی مامۆستا و ئەوانی تر چ لە روی نمرە و چ لە روی مامەڵەکردنەوە لە ئامادەییەکان نیە و بەتایبەتیش لە ناوەندەکەی ئێمە، چونکە لەم قۆناغانە تاقیکردنەوە هەیە و لە تەمەنیش گەورەن".

وتیشی: ئەمە لە قۆناغی بنەڕەتی زیاترە، تەنانەت منالێکمان هەبو چوار ساڵ لەسەر یەک لە قۆناغی بنەڕەتی منالی مامۆستایان کردە یەکەم و بەو تەمەنەوە هەستی پێدەکرت کە مافی خوراوە.

بە هەمان شێوە، کاوە ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری وتی: "لە ئامادەییەکان بەو هۆیەی کە گەورەن هەمو شتێک دەزانن، ئەمە لە قۆناغی ئامادەییەکان دەگمەنە، بەڵام لە بنەڕەتیەکان هەیە و تەنانەت کچێکم هەیە پێی وتم باوکە ئەمساڵیش یەکەم نابم، وتم بۆچی؟ وتی منالی مامۆستایەک لە پۆلمانە، بەو منالیەوە هەستی بەوە کردوە".

محەمەد فەرەج، مامۆستا لە ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە کەلار، دەڵێت: "ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە ناوەندەکان کە مافی منداڵی تر دەدرێت بە منداڵی مامۆستا لە کاتێکدا گوناهی ئەوان تەنها ئەوەیە کە منداڵی مامۆستا نین، بەڵام ئەمە زیاتر لە قۆناغی بنەڕەتی هەیە وەک لە ئامادەیی، چونکە گەورەن و ئەو شتە دەگمەنە".

بەشێک لە مامۆستایان جەخت لەوە دەکەنەوە ئەگەرمامۆستایان بە پیشەییانەوە کاری خۆیان بکەن ئەوە نابێت جیاکاری بکەن لە بەینی منداڵی خۆیان و منداڵی تردا.

جوانە ناسح فەتاح، مامۆستا لە ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، وتی: "وەک ناوەندەکەی ئێمە شتی وا نیە کە منداڵی مامۆستا بخرێتە پێش و گرنگی پێبدرێت، ئەمە لە قۆناغی ئامادەییەکان نیە، ئەم حاڵەتە زیاتر لە بنەڕەتیەکان هەیە بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتاییەکان".

وتیشی: هەر مامۆستایەک بە پیشەیانە کاری خۆی بکات نابێت شتی وابکات، چونکە وا ئەکات منداڵەکەی لە قۆناغەکانی دواتری توشی لاوازی ببێت، بۆیە پێویستە خۆیان هەست بەو هەڵەیە بکەن.

## 9. "مامۆستایان رێککەوتون لە نێوان خۆیان بۆ ئەوەی منداڵی یەکتر بکەن بە یەکەم"

هیدایەت محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (دەستور) لە ناحیەی رزگاری وتی: "لە ناوەندەکان منداڵی مامۆستا پێش ئەخرێت و مافی منداڵی ئاسایی دەخورێت، ئەمەش ئەکەوێتە ئەستۆی مامۆستایان و بەڕێوبەران کە رێگە نەدرێت ئەوە روبدات".

بەرێوبەرێک باس لەوە دەکات کە لە ناوەندەکەیان منداڵی مامۆستا هەیە کەوتوە لەبری ئەوەی یەکەم بێ.

نەوزاد حەبیب سەعید، بەڕێوبەری قوتابخانەی (پێشەنگ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "بە گشتی ناتوانم بڵێم پێش خستنی منداڵی مامۆستا نیە، بەڵام لە ناوەندەکەی ئێمە کۆبونەوەم بە هەمو مامۆستاکان کردوە کە بەهیچ جۆرێک نابێت جیاوازی بکرێت، تەنانەت مامۆستا هەبوە منداڵەکەی کەوتوە".

هەندێک لە بەڕێوبەران دەڵێن ئەوەی هەیە لە بارەی منداڵی مامۆستا هەندێکجار گلەییە، ئەگەرچی لە ناوەندی وا هەیە لە ئاستەکان منداڵی مامۆستای تێدا نەبوە.

هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری باس لەوە دەکات: "بەکۆی گشتی گلەی هاوڵاتیان هەیە و سکالا نەهاتوە لەو بارەیەوە، تەنانەت ئەمساڵی خوێندن کە تێپەڕی هەمو یەکەم و دوەمەکان منالی مامۆستای تێدا نەبوە لە کاتێکدا نزیکی 14 منالی مامۆستا لە ناوەندەکەمان هەیە".

وتیشی: دواتر ئەگەر سکالاش هەبێت بە لیژنە بەدواداچونی بۆ دەکەین و هەڵسەنگاندن بۆ منالەکە دەکەین کە گلەی هەیە، هەروەها کە ئەگاتە قۆناغی چوار ئەو گلەیانە نامێنێت لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی ئەبێت.

مامۆستایان بیانو ئەهێننەوە بۆ ئەوەی کە لە نزیکترین ناوەندبن کە لە ماڵەکەی خۆیەوە نزیک بێت.

محەمەد جەمال رەئوف، بەڕێوبەری قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەم بابەتانە هەیە لە ناوەندەکان پێویستە چارەسەر بکرێت، یەک لەوانە ئەو بیانوەیە کە مامۆستا بڵێت ئەمەوێ لەو ناوەندە بم کە نزیکە لە ماڵەکەم، چونکە کرێ سەیارە دابین کراوە بۆ مامۆستایان تەنانەت لەناو شاریش".

وتیشی: مامۆستا تەکلیفی کردوە کە چاوپۆشی لە منالەکەی بکە یان رێککەوتون لە نێوان خۆیان بۆ ئەوەی منالی یەکتر بکەن بە یەکەم و چەندان بابەتی دیکە و جیاکاری دیکە لە روی مامەڵەکردنەوە هەیە.

## 10. بەڕێوبەران: لێپێچینەوە دەکەین لەگەڵ مامۆستایان ئەگەر جیاکاری بکەن

بەرێوبەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەر مامۆستایەک جیاکاری دروست بکات لە نێوان منالی ئاسایی و منالی مامۆستا چ لە روی نمرەوە چ لە روی مامەڵەکردنەوە، لیپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

هیدایەت محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (دەستور) لە ناحیەی رزگاری وتی: "جیاکاری نیە لە ناوەندەکەی ئێمە بگرە لەگەڵ منالی مامۆستا توندترم، چونکە خۆیان لێرەن، لەگەڵ ئەوەش لەگەڵ هەمو مامۆستاکانم کۆبونەوەم کردوە کە بەهیچ جۆرێک جیاکاری نەبێت، ئەگەرچی منالی ئێستاش چاو کراوەترن و هەست بە شتەکان دەکەن و گلەی خۆیان دەگەیەنن".

وتیشی: لە هیچ مامۆستایەکی قبوڵ ناکەم کە جیاکاری بکات و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەم.

هاوشێوەی هاوتاکەی، نەوزاد حەبیب سەعید، بەڕێوبەری قوتابخانەی (پێشەنگ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار ئەوە دەخاتەرو: ئیجرائاتی ئێمە پەروەردەییە و شتی وا قەبوڵ ناکرێت کە مامۆستا شتی وا بکات و منالی مامۆستا بخاتە پێش یەکەمجار بەرێنمای دواتر دوبارەی بکاتەوە ئەبێت بگوازێتەوە.

"هەر مامۆستایەک جیاکاری لەبەینی منالّی مامۆستا و منالّی دیکە بکات لێپێچینەوەی تایبەتی خۆی هەیە و لیژنەی لەسەر دروست ئەکرێت، ئەمە بۆ ناوەندەکەی ئێمەش هەر وایە"، ئەمە وتەی، هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کفریە.

## 11. توێژەران: منالّی مامۆستا بون بە کێشە لە ناوەندەکان

توێژەران باس لەوە دەکەن، پێشخستنی منالّی مامۆستا و جیاوازی کردنیان لەگەڵ منالّی ئاسایی چ لە روی نمرەوە بێت چ لە روی مامەڵەکردنەوە بێت بوە بە دیاردە و زیاتر لە قۆناغی بنەڕەتی بونی هەیە.

محەمەد ئەحمەد، توێژەری کۆمەلاّیەتی لە قوتابخانەی (هەڵوێست)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "حاڵەتی پێشخستنی منالّی مامۆستا بونی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر منالّێک لە ناوەندێک کە لەگەڵ دایک و باوکی بێت لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی لە رەحلەی یەکەم بێت ئەوە هەتا دەگاتە قۆناغی نۆ هەر لە یەکەم ئەبێت، بۆیە ئەمە شتێکی رونە و جیاکاری هەیە و منالّی مامۆستا ئیشی بۆ ئەکرێت".

وتیشی: ئەم حاڵەتانەش لە قۆناغی بنەڕەتی زیاترە بە تایبەت 70% قۆناغی (1 بۆ 6)ە، هەروەها سکالاّش هاتوەتە لامان و ئیشمان لەسەر کردوەو چارەسەر کراوە بەگوێرەی پێویست.

رۆژە فەقێ سلێمان، توێژەری کۆمەلاّیەتی لە قوتابخانەی (مەریوان)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، وتی: "رۆژانە روبەروی ئەو حاڵەتانە دەبینەوە کە منالّی مامۆستا پێشخراوە لە ناوەندەکان بۆ ئاستەکان و بەدواداچونیشم کردوە، دەرکەوتوە گرفتەکە زیاتر لەسەر بابەتی هونەر و وەرزشە کە وایکردوە جیاکارییەکە دروست ببێت".

رونیکردەوە: پێمباشە منالّی مامۆستا لەگەڵ خۆیان لە هەمان ناوەند نەبن بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییە نەمێنێت، هەروەها پێویستە بەرپرسانی پەروەردە زیاتر گرنگی بە خولی هۆشیاری بدەن بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە نەمێنێت کە لە قۆناغی بنەڕەتی زیاترە.

منالاّنی مامۆستا لە ناوەندەکان هەر بۆ منالاّنی دیکە نەبوە بە گرفت، بەڵکو بۆ خودی مامۆستایانیش بون بە کێشە و گرژی خستوەتە نێوانیانەوە.

شاخەوان عەدنان، توێژەری کۆمەلاّیەتی لە قوتابخانەی (قازی محەمەد)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، جەختلەوەدەکاتەوە: "جیاوازی کردن لە نێوان منالّی مامۆستا لەگەڵ منالّی تر لە ناوەندەکان چ لە روی نمرەوە چ لە روی مامەڵەکردنەوە لە حاڵەتەوە بوە بە دیاردەو لە دیاردەشەوە بوە بە گرفت بۆ بەشێکی زۆر لە ناوەندەکان".

ئەو وتی: ئەمە تەنها بۆ فێرخوازان نەبون بە کێشە، بەڵکو بۆ خودی خۆشیان بوە بە گرفت کە مامۆستاکان حەزدەکەن منداڵەکانیان کە پێکەوە لە قۆناغێکن ببن بە یەکەم، ئەمەش وایکردوە گرژی دروست بکات لە نێوان مامۆستایان.

## 12. بەشی یاسای پەروەردەکان: بەدواداچون دەکەین بۆ سکاڵاکان

بەشی یاسایی پەروەردە بەدواداچون بۆ ئەو سکاڵایانە دەکەن کە دەچێتە لایان و لێپێچینەوەکان دەست نیشان دەکەن بەپێی سکاڵاکان و ئەو سەرپێچیەی کە کراوە، ئەگەرچی هەندێک لە سکاڵاکان بە ڕێگەی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکرێت.

ئیدریس ئیکرام، بەرپرسی بەشی یاسای لە پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە سکاڵای هاوڵاتیان دژی منداڵی مامۆستا لە ناوەندەکانی خوێندن، دەڵێت: "ساڵی رابردو تەنها یەک سکاڵا بە رەسمی هاتبو، دەرئەنجامەکەشی ئەوە نەبو کە بەدواداچونمان بۆ کرد، لە لیژنەکانیش کە دروست ئەکرێت ئێمەی تێداین".

بەرپرسی بەشی یاسایی لە پەروەردەی کفری، ئەوەدەخاتەرو کە سکاڵایان بۆ نەهاتوە، ئەگەرچی جیاکاری لە نێوان منداڵی مامۆستا و منداڵی ئاسایی هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن چ لە روی نمرەوە چ لە روی مامەڵەکردنەوە.

سنەوبەر تۆفیق، بەرپرسی بەشی یاسایی پەروەردەی کفری باس لەوەدەکات: "جیاکاری لە نێوان منداڵی مامۆستا و منداڵی دیکە هەیە لە ناوەندەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ سکاڵایەکی فەرمی نەهاتوە تاوەکو بەدواداچونی بۆ بکەین، تەنها یەک سکاڵا هەبو کە منداڵی مامۆستا دابوی لە منداڵێک، ئەویش بە عەشایەری چارەسەر کرا".

## 13. بەرپرسانی پەروەردە: جیاکاری کراوە

بەرپرسانی پەروەردە نایشارنەوە کە جیاوازی دەکرێت لە ناوەندەکانی خوێندن لە نێوان منداڵی مامۆستا و فێرخوازان، وەکخۆیان دەڵێن بەدواداچونی بەردەوامیان هەیە بۆ سکاڵاکانی هاوڵاتیان و هەمو سکاڵایەکیش ئەنجامی خۆی هەبوە.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، وتی: "جیاکاری کردن لە نێوان منداڵی مامۆستا و فێرخوازان بەتایبەت لە روی نمرەوە لە هەمو شوێنێک ئەو جۆرە حالەتانە روی داوە پێش ئەوەی منیش دەست بەکاربم، تە نانەت منیش هاتم لە چەند قوتابخانەیەک هەبوە و بەدواداچونیش هەبوە لەو بارەیەوە".

جەختی لەوەشکردەوە: 4 بۆ 5 سکاڵا هەبوە.

هاوکات بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، ئیسماعیل سەمین، وتی: "ئەو دیاردەی جیاکارییەی کە لە نێوان منداڵی مامۆستا و منداڵانی تر ئەکرێت چ لە روی نمرە چ لە روی مامەڵەکردنەوە بونی هەیە، بەڵام لە هەمو ناوەندەکان نیە".

بەڕێوبەری پەروەردی کەلار، وتی: دەر ئەنجامی سکاڵاکانیش کە بەدواداچونمان بۆ کردوە هەندێکی لێپێچینەوە کراوە و هەندێکیشی بەو شێوەیە دەرنەچوە کە سکاڵاکار کردویەتی، بۆیە لە هەر جێگەیەک شتی وا هەبێت قبوڵی ناکەین و لێپێچنەوە دەکەین.

بەڵام بەڕێوبەری پەروەردی کفری دەڵێت: تاوەکو ئێستا کەسێک نەهاتوە لەو بارەیەوە سکاڵا بکات و تەنها قسەیە.

بەڕێوبەری پەروەردی کەلار باس لەوەدەکات ساڵی پار بڕیارێکیان دەرکرد کە ئاستەکان دیاری نەکرێت لە ناوەندەکان و گشتاندنیشیان بۆ کردوە، باس لەوەش دەکات هەر بەڕێوبەرێکیش جیاکاری کردبێت بانگکراوە، بۆ ئەمساڵی خوێندنیش هەمان شت دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییەی کە هەیە نەمێنێت.

بەڕێوبەری پەورەدەی کفریش، باس لەوە دەکات کە رێنماییان داوە بە بەڕێوبەر و توێژەران کە شتی وا هەبێت ئاگاداریان بکەنەوە بۆ ئەوەی بەدواداچون بکەن.

لەبارەی ئەوەی کە دەکرێت منداڵی مامۆستایان لەهەمان قوتابخانە بن، بەرێوبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: هیچ رێنمایەک نیە کە بڵێت نابێت منداڵی مامۆستا لەو ناوەندە نەبێت کە خۆی تێیدایە، بۆیە یاساییە، چونکە مافی خۆیەتی.

سەرپەرشتیاران باس لەوە دەکەن بەدواداچونیان کردوە بۆ جیاوازی منداڵی مامۆستا و منداڵانی دیکە، وەک خۆیان دەڵێن بە راپۆرت ئاراستەی پەروەردەی دەکەین.

یونس ئەحمەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەی پسپۆری بیرکاری لە پەروەردەی کەلار، ئەوەدەخاتەرو: "سەرپەرشتیارن چەند ناوەندێک لامانە وەک هاورێی رەخنەگر هەرشتێک لەو ناوەندە روبدات بەدواداچونی بۆ دەکەین، دواتر ئەگەر بزانین کێشەکە ئاساییە ئەوە بە راپۆرت ئاراستەی پەروەردەی دەکەین و ئەگەر پەروەردە قانع بێت پێی کێشەکە دائەخرێت، بەڵام ئەگەر وانەبو ئەوە داوا دەکەم کە لیژنەیەک پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر و لیژنەکەش لە دو سەرپەرشتیار و نوێنەرێکی یاسای پەروەردە لێکۆڵینەوەکە دەکەن و دەسەڵاتی بریاردانی هەیە".

وتیشی: ئەو بە دواداچونەی کە دەکرێت جگە لە تۆماری نمرەکان، هەمو نمرەکانیش لەسەر ئەساسی هەڵسەنگاندن بە قوتابی دەدرێت، هەڵسەنگاندنەکانیش دابەش بون بەسەر چەند تەوەرێک: ئامادەبونی رۆژانە و بەشداریکردنی لە ناو پۆل زیرەکی قوتابیەکە وەئەو ئیملانەی کە پێی ئەکات، ئێمە پشت بەوە ئەبەستین بۆ لێکۆڵینەوە.

هەر لەبارەی ئەم پرسەوە، بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان ئاشکرای دەکات  مامۆستا سزا دراوە لەسەر ئەو جیاکارییەی کە دروستی کردوە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، باس لەوە دەکات: "ئەو جیاکارییەی کە هەیە لە هەردو قۆناغەکە هەیە و بە لیژنە بەدواداچون دەکەین بۆ هەر سکاڵایەک کە دێتە لامان، سەبارەت بە جیاکاری لە نێوان منالی مامۆستا و لەگەڵ منالانی دیکە بە تایبەت لە روی نمرەوە".

بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، وتی : سکاڵاکان دەرئەنجامی هەبوە و لایەنی سەرپێچیکاریش سزا دراوە کە مامۆستایانە، سزاکانیش زۆرن، هەر لە  سەرەنج راکێشان و ئاگادارکردنەوەوە تا دەگاتە سزای دابەزینی پلە و برینی موچە.

هەروەها بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیان وتیشی: هەر توێژەرێک یان بەڕێوبەرێک ئەگەر لە شوێنی خۆیەوە قسە نەکات سەبارەت بەو گلەییانەی کە هەیە لە ناوەندەکان لەسەر جیاکاری لە نێوان فێرخوازان بە راپۆرت ئاراستەی ئێمەی نەکات ئەوە ئەو تاوانبارە، بۆیە ئێمە هەڵوێستمان هەبوە لە بونی هەر سکاڵایەک.

## بەشی سێیەم: راسپاردە

1. جیاکاریی کردن لەنێوان منالّی مامۆستایان و منالّانی دیکە لە ناوەندەکانی خوێندن، حالّەتێکی بەرچاوە و دەگاتە ئەو ئاستەی بە "دیاردە" ناوی ببرێت.

2. ئەم حالّەتە زۆرجار بە رێگەی زۆر و فشار، جاری دیکەش بە شێوەی روگیرکردن و ئیحراجی ئەنجام دەدرێت، لەهەمو بارێکیشدا ناعەدالەتی و نایەکسانیەک دروست دەکات کە تیایدا فێرخوازان دەبنە قوربانی.

3. لەناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی دا حالّەتەکە باوترە وەک لە قۆناغەکانی تر، هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بەوەی فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی بوێرتر و هۆشیار ترن و لێناگەڕێن ئەم پێشێلکارییە بە مافەکانیان بکرێت، جگە لەوەش لەو قۆناغانەدا توانای کەسیی رۆڵ دەگێڕێت لە خوێندن دا.

4. پەروەردەکان لەروی دەرکردنی رێنمای و بەدواداچونەوە، کەمتەرخەمییەکیان نییە، بەلّام ئەوەی وەکو کەمتەرخەمی هەژمار دەکرێت لەسەریان، ئەوەیە کە ئەم پرسەیان وەکو پرسێکی زۆر جیدی وەرنەگرتوە، بۆ ئەمەش پێویستە پەروەردەکان خەمی ئەم بابەتە بخۆن و کۆبونەوەی تایبەتی لەسەر گرێ بدەن.

5. گەورەترین کێشەی ئەم بوارە ئەوەیە کە خودی فێرخوازان و کەسوکارەکانیان، لەکاتی بونی حالّەتی لەمشێوەیەدا، سکالّا تۆمار ناکەن و نایەنە پەروەردەکان، بەلّکو بابەتەکە زۆرتر وەکو گلەیی دەمێنێتەوە، ئەمەش وادەکات زۆرجار پەروەردەکان یان ئاگادار نەبن، یان نەتوانن لێپێچینەوەی پێویست بکەن.

6. زۆرێک لە مامۆستایان پێشنیاز دەکەن کە ئەو مامۆستایانەی لەناوەندێک دان، منالّەکانیان لە هەمان ناوەند دا نەبن، ئەمەش وەکو چارەسەرێکی ئەو کێشەیە، بەلّام ئەم بابەتە نە لە یاسا و نە لە بنەڕەتە پەروەردەییەکاندا باسی نەکراوە، دەشکرێت ئەم بیرۆکەیە وەکو تێست و تاقیکردنەوە لە چەند قوتابخانەیەکدا تاقیبکرێتەوە بۆ ماوەیەک، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند بیرۆکەکە سەرکەوتوە و پاشان جێگیر بکرێت.

7. کردنەوەی خولی هۆشیاریی زۆر گرنگە بۆ مامۆستایان، بۆ ئەوەی کەسانی پسپۆڕ مەترسیەکانی ئەم حالّەتەیان بۆ رون بکەنەوە و لێکەوتە و کاریگەرییە دەرونیەکانی بۆسەر فێرخوازان رون بکەنەوە.

8. بەهەمانشێوە خول و وانەی هۆشیاریی زۆر گرنگە بۆ فێرخوازان، بۆ ئەوەی فێر بکرێن لەکاتی بونی حالّەتی لەمشێوەیەدا، ئیدارەی قوتابخانە یان توێژەری کۆمەلّایەتی ئاگادار بکەنەوە بۆ چارەسەری حالّەتەکە.

9. پشتگیریی ئەو هەنگاوە دەکەین کە پەروەردەکان هەر لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، لەبارەی ئەم حاڵەتەوە نوسراو ئاراستەی ناوەندەکانی خوێندن بکەن و جەخت لە قەدەغەبونی و لێپێچینەوەکردن لەگەڵ ئەنجامدەرانی دا بکرێتەوە.

10. بەگشتی خێزانەکان متمانەیان لاوازە بە ئیدارەی پەروەردە و قوتابخانەکان بۆ ئەوەی لێپێچینەوە بکەن لەبارەی ئەم حاڵەتەوە، ئەم نەبون یان لاوازیی متمانەیەش لە راپۆرتەکانی پێشوش دا جەختی لێکراوەتەوە، بۆیە واباشە خەمێک لەم پەیوەندیە بخورێت و هەوڵی بونیادنانی متمانەی نێوان هەردولا بدرێتەوە.

11. واباشە لەهەمو ناوەندەکانی خوێندن دا، بە تابلۆیەک ژمارە تەلەفۆنی بەشی یاسایی یان بەشەکانی تایبەت بە بەدواداچونی سکاڵا هەڵبواسرێت، بۆ ئەوەی فێرخوازان و بەخێوکەرانیان، لەکاتی بونی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو و لەنێویشیاندا جیاکاریی کردن، پەیوەندیان پێوەبکەن و ئاگاداریان بکەنەوە.

**❋ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

**❋ بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org